لەم ژمارەیەدا
ل٣ گوڵبژێرێك لەسەرنجەکانی بیێشکچی سەبارەت بەدۆزی کورد
ل٤ جادووگەری و باوەڕی خەڵك
ل٥ ئایدز هەڕەشەی سەردەمە، نەهێڵن بگاتە کوردستان
ل٧ تەکنەلۆژیا لەگەڵ کەلتوردا گونجاوە

# گەلـــــ رۆژی
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٤٥) یەکشەممە ٢٠٠٦/٤/٢

## سڵاو بۆ پێشەوا لەیادی شەهید کردنیدا

٥٩ ساڵ لەمەوبەر، لەبەرەبەیانی رۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ٢٦٤٧ کوردی (٣١ی ئازاری ١٩٤٧)دا یەکەمین سەرۆك کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی حەمە حسێن خانی سەیفی قازیو سەدری قازی، بەتاوانی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی لەسێدارە دران. لەکاتێکدا گەلانی جیهان شانازی بەو کەسانەوە دەکەن کە وڵاتەکەیان لەژێر چنگی داگیرکەران رزگار دەکەنو دەوڵەت پێکدێننو ئاڵای نیشتیمانەکەیان دەشەکێننەوە کەچی دوژمنانی کوردستان ئەو مرۆڤە مەزنەیان بەتاوانی ناپاکی بەرانبەر بەنیشتیمان!! ناو بردو لەسێدارەیان دا. ئەو رۆژە لەلایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەك رۆژی شەهیدانی کوردستان ناسراوە. هەر لەو پێوەندییەدا هەموو ساڵێك لە ٣١ی ئازاردا گەلی کوردستان بەشکۆوە رێز لەخەباتو شەهیدبوونی یەکەمین سەرکۆماری کوردستان دەگرنو یادی دەکەنەوە.

**سڵاو بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازیو هاوڕێیانی..**

# را پەڕینی باکوری کوردستان بەردەوامەو ئەنقەرەش دەیەوێ را پەڕین خامۆش بکاتەوە

رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/٣/٢٨ لەکاتی ناشتنی تەرمی ١٤ گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا بە چەکی کیمیایی شەهیدکرابن، خەڵکی شاری دیاربەکر نارەزایی خۆیان دیارکردو بەتووندی هێرشیان بردە سەر بارەگای پارتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، لەئاکامدا شەڕو تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس شێوازێکی سەختی وەرگرت. لەرۆژی یەکەمدا زیاتر لە ٣٥ کەس بریندداربوون. رۆژانی دواتر سەرهەڵدان بەردەوام کرا، هێزەکانی پۆلیس بۆمبی فرمێسکرێژێنیان دژ بە خەڵك بەکارهێناو بەگوللە وەلامی خەڵکیان دایەوە، لەبەرانبەردا خەڵکی راپەڕیوو بە بەردو مۆلۆتۆڤ هێرەشەکەیان گەورەتر کرد، لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆر کوژرانو بریندداربوون. رۆژی ٢٠٠٦/٣/٣٠ خەڵکی شاری دیاربەکر بۆ پرۆتستۆکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورك دەستیان بە مانگرتن کردو بازاڕو دوکانەکانیان داخست. بەگوێرەی لێدوانەکانی ئەفکان ئاتا، پارێزگاری دیاربەکر، لەو تێکهەڵچوونەدا ٣ کەس بە ناوەکانی عەبدولا دوران تەمەن ٩ ساڵان، محەمەد ئیکچی تەمەن ٢٠ ساڵە، تارق ئاکایا تەمەن ٢٣ ساڵ کوژراونو ٢٥٠ کەسی دیکەش بریندداربوون، هەروەها زیاتر لە ٢٠ کەس دەستگیرکراونو رەوانەی زیندانی کاتی کراون. هەروەها بۆ هاوسۆزیو پشتیوانیکردن لەگەڵ خەڵکی راپەڕیووی شاری دیاربەکر، چەندین شاری باکووری کوردستان رژانە سەرشەقامەکانو پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی دیاربەکر دیارکردو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیایان شەرمەزار کرد. رۆژی پێنج شەممە، رێکەوتی ٢٠٠٦/٣/٣٠ سێ هەزار کەس لەخەڵکی باتمانی باکووری کوردستان رژانە سەر شەقامەکانو دژ بە دەوڵەتی تورك هوتافیان کێشاو پشتیوانی خۆیان بۆ راپەڕیوانی دیاربەکر دیارکردو داوای بەرقەراربوونی ئاشتیو ئارامیو وەکهەڤیان کرد، باتمانیەکان رایانگەیاند ئەگەر دەوڵەت داخوازیەکانی ئەوان پشت گوێ بخات، ئەوە ئەوان لەداهاتوودا مانگرتنێکی گشتی بەرێوەدەبەنو دواتریش خۆپێشاندانو رێپێوان ساز دەکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە رۆژی پێنج شەممە تەنیا دەرمانخانەکانو نانەواخانەکانی شاری باتمان کاریان دەکرد، تەواوی بازاڕو دوکانەکانی دیکە داخرابوون.



## سڵاو لە خۆڕاگری باکوری کوردستان

**سەربەخۆخوازانی کوردستان..**
**ئازادیخوازنی جیهان..**
**کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان..**

چەند رۆژ لەمەوبەر دانیشتووانی شاری ئامەدی باکوری کوردستان زەنگی سەرهەڵدانیان دژ بە سیاسەتی داگیرکەران لێداو رژانە سەر شەقامەکانو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە لەلایەن سوپای تورکەوە دژ بە شەرڤانانی کوردستان بەکارهێنرابوو، ریسواو شەرمەزارکرد، بەلام سوپای داگیرکەر بەهێزی ئاگرو ئاسن وەلامی خەڵکی سڤیلیان دایەوە، ژمارەیەکیان لێ شەهیدو بریندارکردنو ژمارەیەکیشیان راپێچی زیندان کرد. رۆژانی دواتر بەمەبەستی هاوسۆزیو پشتیوانیکردن لەو سەرهەڵدانەدا زۆربەی شارەکانی دیکەش راپەڕینو سیاسەتی رەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیایان پرۆتستۆکرد. ئەمە چەند رۆژێکە زۆربەی بازاڕەکان داخراون، خەڵکی باکوری کوردستان بەدەستی بەتاڵ رووبەڕووی سوپای داگیرکەر دەبنەوەو بەداروبەرد پارێزگاری لەخۆیاندا دەکەن، کەچی سوپای تورك زۆر سەرسەختانە لەهەوڵی خامۆشکردنەوەی سەرهەڵدانەکەی باکوری کوردستان دایە، تازەترین چەكو تەکنەلۆژیای شەڕ دژ بە ژنو منداڵو خەڵکی سڤیل بەکاردەهێنێ، بەبەرچاوی رای گشتی جیهانو وڵاتانی بەناو دیموکراسیو پارێزەرانی مافی مرۆڤەوە بە گوللە وەلامی منداڵی سێ ساڵە دەداتەوەو شەهیدی دەکات. لەم پێوەندییەدا ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستانو پارتی سەربەخۆیی کوردستاندا لەکاتێکدا پشتیوانی تەواو لەسەرهەڵدانو راپەڕینی باکوری کوردستان دەکەینو بەمافی رەوای دەزانینو بۆ درێژەدان بە سەرهەڵدان دلگەرمیان دەکەین، لەهەمان کاتدا نەفرەت لەو سوپایەی کە منداڵو ژنو خەڵکی سڤیل دەکوژێ، دەکەینو سیاسەتی رەگەزپەرستانەی تورك دژ بە نەتەوەی کورد ریسواو شەرمەزار دەکەین. هەر لەم پێوەندییەدا بانگی ویژدانی زیندووی جیهانیان دەکەین کە پشتیوانی لەسەرهەڵدانی باکوری کوردستان بکەنو گوشاری خۆیان بۆ سەر دەوڵەتی تورك چڕتر بکەنەوەو رێگەی نەدەن لەبەرانبەر داخوازی رەواو رێپێوانی ئاشتیخوازانەدا چەك بەکاربهێنێو خەڵکی بێتاوان بکوژێو زیندانی بکات.

لەم پێوەندییەدا لەسەرانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەپرسین: ئایا چۆن دەکرێو بە چ لۆژیکێکەوە دەرگەی یەکێتیەکەتان بۆ حکومەتو دەوڵەتێك دەکەنەوە کە لەکوشتاری خەڵکی سڤیل دەست نەپارێزێ، مافی مرۆڤ نەناسێو لەژێر پێی دەنێ، مافو ئازادیەکان زەوت دەکاتو نکۆڵی لەناسنامەی نەتەوەیەکدا دەکات!!. هەروەها بەبیر فەرمانڕەوایانی تورکیاش دەهێنینەوە کە نەتەوەی کورد بەهێزی چەكو سوپای ئەوانەوە لەبێن ناچێ، درەنگ یا زوو سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێتەوە، ئەوکاتە تەنیا شەرمەزاری مێژوویی بۆ داگیرکەرو زۆرداران دەمێنێتەوە.

**حزبی رزگاریی کوردستان**

**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

**٢٠٠٦-٤-١**

## رۆژەڤ

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێم، رێزدار مەسعود بارزانی هەریەکە لەبەڕێزان نێچیرڤان بارزانیو عومەر فەتاحی بۆ سەرۆكو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کابینەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان راسپارد، پرسیارگەلێکی زۆر لەنێوەندەکانی رای گشتیو لەنێو دەروونی تێکڕای کوردستانیاندا دروست بوو، ئایا ئەم کابینەیە جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی پێشووتر دەبێ؟!، ئایا ئیتر حکومەت لەدەست لایەنی دەستەڵاتدار دێتەدەرێو بەکردەوە دەبێتە حکومەتی خەڵكو جیاوازی لەنێوان ئەندامانی حزبو وڵاتیانی ئاساییدا نامێنێ؟!. چیتر خەڵك بۆ دامەزراندن پێویستیان بە پاڵپشتی رێکخستنی حزبی دەستەڵاتدار نابێ؟. ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نوێدا چاوەڕوانی وەڵامەکانیان دەکەنو پەرۆشانە بەدوایاندا دەڕۆن.

دوای راسپاردنیان هەریەکە لەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانو جێگرەکەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا تیشکیان خستە سەر هەوڵەکانی هەردوو لایەنی دەستەڵاتدار بۆ پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانو جەختیان کردەوە کە ئەو کابینەیە وەکو ئەوانەی پێشووتر نابێو وەك یەك تیپ کاردەکاتو خزمەتکردنی خەڵكو خاك دەکاتە ئارمانجی سەرەکی خۆیو هەوڵدەدات پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازی بۆ ناوچەکانی کوردستان پەرە پێبدات. هەر بەگوێرەی قسەی ئەوانیشەوە، پۆستی وەزارەتەکان لەسەر بنەمای ئەندامبوونو لایەنگیری بۆ حزبەکان نابێ، لێزانیو لێوەشاوەیی دەکرێتە بنەمای هەڵبژاردنی وەزیرەکانو لێیاندەخوازرێ کە دڵسۆزانە کاربکەنو هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵیو نابەرابەری بدەن. تا ئێرە بەڵێنەکانی ئەوان دڵخۆشکەرو ئومێدبەخشن، بەلام خەڵکی کوردستان لەساڵانی رابردوودا زۆرجاران گوێیان لەقسەی خۆشی بەرپرسان گرتووەو بەڵێنی رەنگاورەنگیان پێدراوە، کەچی لەواری کرداریدا پێچەوانە هاتۆتەوەو سیاسەتی هاوێرکردنو دوورخستنەوەی خەڵکانی ناحزبی لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا پەیرەوکراوە. ئێمە لەکاتێکدا پیرۆزبایی لەسەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی دەکەینو هیوای سەرکەوتنو پێشکەوتنیان بۆدەخوازین، لەهەمان کاتدا چاومان لەوەیە کە بەڵێنو پەیمانەکانی خۆیان بەرنەسەرو تێکڕای گەلی کوردستان بکەنە ئارمانجی خزمەتکردنیان. بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمو دامودەزگاکانی لەپەتای گەندەڵی رزگاربکرێن، دەبێ لەدەستپێکدا لێژنەی دەستپاکی بۆ لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لەداهاتو شێوەی خەرجی وەزارەتەکان پێکبێو نەترسانە دەست بەکاربێو ئەو زێدەڕۆییو کەمووکوڕیانە ئاشکرا بکات کە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو کراون. گەرەکە حکومەت چاو بەبودجەی ئەو رێکخراوانە بخشێنێتەوەو ئەو نابەرابەریە بسڕێتەوە کە دژی هەندێ لایەن ئەنجام دراونو ئەنجام دەدرێن. پێویستە حکومەت خەڵکی ماندوو، تێکۆشەری دێرینو خەباتکارانی رۆژانی سەخت لەبیر نەکاتو ئاوڕێکیان لێبداتەوە. ئەمڕۆ سەدان تێکۆشەری دێرین مافیان زەوتکراوە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی لایەنە دەستەڵاتدارەکان نین، فەرامۆش کراونو لەهەموو شتێك بێبەش کراون، لەکاتێکدا سەدانو هەزاران کەس چونکە لەباوەشی دەستەڵاتدان لەسەر نازو نیعمەت راگیراون. بەناوی پێشمەرگەی دێرینەوە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە، لەپەنای جۆراوجۆرەوە هاوکاری دەکرێنو کوژراو و مردووەکانیان بەشەهید دەنووسرێنو خۆشیان خانەنشین دەکرێن. دەبا ئەم کابینەیە دەستەڵاتی مەکتەبی سیاسی لایەنەکان بەسەرسەری خۆیەوە کۆتا بکاتو سەربەخۆیانە بڕیاربداتو بەیەك چاویش سەیری کوردستانیانو رێکخراوەکانیان بکات.

## عێراق لە لێواری شەڕێکی ترسناك دایە



تۆماس فریدمار نووسەری ناسراوی ئەمریکا کە ستوونێکی تایبەتی لەرۆژنامەی نییۆرك تایمزدا هەیە، رۆژی ٢٠٠٦/٣/٣١ بەناونیشانی عێراق لەکاتژمێر ١١دا نووسیویەتی: ئەو بارودۆرخەی ئەمرۆ لەعێراق بەگشتیو لەبەغداد بەتایبەتی هەیە، نیشانەی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوەخۆی دڕندانەیە لەوێنەی ئەو شەڕانەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا روویانداوە. نووسەر رەوشی ئەمرۆی بەغدا لەگەڵ دەستپێکی شەڕی نێوەخۆی لوبنان کە لەهەفتاکانی سەدەی رابردوو روویدا، بەراورد دەکاو دەنووسێ: ئەو قۆناغە قۆناغی تۆڵەو کوشتنو برینی تێدایە، خەڵك لەجیاتی باوەڕیان بەسوپاو پۆلیس هەبێ، کەچی پێیانوایە میلیشیاکان دەتوانن بیانپارێزن. ئەو پێیوایە دۆناڵد رامسفێڵدی وەزیری بەرگری ئەمریکا لەبەر ئەوەی سوپای تەواوی جێگیر نەکردووە، تاوانبارە. هەربۆیەش سوننە توندڕۆکان بارودۆخەکەیان تەقاندەوە. لەکۆتاییدا نووسیویەتی ئیتر با بەڕاستی باس لەڕەوشی عێراق بکرێو چیتر درۆو چەواشەکاری بەرێوەنەبردرێ.

## وەرگرتنی تورکیا ئاسان نیە



هێڵموت کۆڵ، سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەڵمانیا لەجنڤینێکدا لەوڵاتی هۆڵەندا گوتی: وەرگیرانی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا ئاسان نیە، لەتورکیا ئازادی نەتەوەیی نیە، هەروەها گوتی دەبێ پێش ئەوەی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا وەربگیرێ مەرجەکانی کۆپنهاگن جێبەجێ بکات. لەم نێوەندەدا دیموکراتیزەکردنو پاراستنی مافی کەمەنەتەوەکان پرسێکی یەکجار گرنگەو لەپێش تورکیادایە بۆیە من باوەڕناکەم کە بەم نزیکانە تورکیا بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا وەربگیرێ. ناوبراو لەدرێژەی قسەکانی خۆیدا گوتی: موسڵمانانی تورکیا رێگەیان پێدراوە لەشارەکانی ئەڵمانیادا مزگەوت دروست بکەنو رێورەسمی ئایینی خۆیان بەرێوەببەن کەچی ئەم کارە بۆ کریستیانەکان لەنێو تورکیادا قەدەغەیە، دەبێ بەوردی ئەو دوو دیمەنە لێك بدرێتەوە







پۆلیسی شاری فلۆرانسی ئەمریکا رایگەیاند کە لاوێکی تەمەن ١٣ ساڵەی ئەو شارەی بە تۆمەتی ئەوەی هەڕەشەی لەسەرکۆمار کردووە، دەستگیر کردووە. ئەفسەری پۆلیسی شاری فلۆرانس گوتی: ئەندامانی دەستگای ئاسایشی نهێنی رۆژی ٢٧-٣-٢٠٠٦ ماڵی ئەو لاوەیان پشکنی بۆ ئەوەی بزانن هیچ ئامرازێکی بۆ بەجێگەیاندنی هەڕەشەکەی ئامادە کردووە یان نا. ئەوەی شیاوی باسە ئەو لاوە بەوە تۆمەتبارکراوە کە لەرێگەی پۆستی ئەلکترۆنیەوە (ئیمایل) دووجاران هەڕەشەی لەسەرکۆمار کردووە، بڕیاروایە لەدوو هەفتەی داهاتوودا لەبەردەم دادگا رابگیرێو بەتۆمەتی هەڕەشەی تیرۆریستی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ